# شیعری (له دەستم دێ)ی عەبدوڵلا پەشێو
# (پاڵنەرە دەروونییەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەروونشیکارییەوە)


**أميد رحيم شمس الدين [١]، عمر عبدالكريم قادر [٢]**

[١] بەشی زمانی کوردی ، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: omed.rahem@garmian.edu.krd



## ملخص البحث :

"قصيدة (له دەستم دێ) للشاعر عبدالله بشيو (الدوافع النفسية وفق نظرية التحليل النفسي)"

يعتبر هذا البحث محاولة علمية اكاديمية لاظهار و اكتشاف الاسباب و الدوافع النفسية وراء كتابة قصيدة (له دەستم دێ – بامكاني) للشاعر الكوردي المعروف (عبدالله بشيو) والذي اثار جدلا واسعا في الاوساط الادبية و الصحفية و منظمات حقوق المراة الكوردية. يؤكد البحث على تحليل اهم ثلاث دوافع نفسية (العصبية و الانفعال، السوداوية، الكبت الجنسي) واظهارها من خلال نص القصيدة و تحليلها وفق نظرية التحليل النفسي. بالاظافة الى ذلك يهدف البحث لاظهار حقيقة موقف الشاعر في هذه القصيدة من المراة سلبا او ايجابا.

يتكون البحث من مقدمة و ثلاثة محاور، يتضمن المحور الاول دراسة العلاقة ما بين علم النفس والادب بشكل عام والشعر بشكل خاص. و يهتم المحور الثاني بدراسة الحياة العاطفية للشاعر وانعكاسها في اشعار ما قبل هذه القصيدة. اما المحور الثالث فقد تم تخصيصه لدراسة هذه القصيدة وفق نظرية التحليل النفسي. وفي النهاية تم عرض اهم النتائج و قائمة المصادر.



## Abstract

"The Abdullah Peshew's Poem (Le Destm Dea): the Psychological Motivations According to the Psychoanalytic Theory Perspective".

The present research paper can be considered as an academic and scientific attempt to bring out the reasons and the psychological motivations that lead (Abdullah Peshew) to write his poem (Le Destm Dea- I can). However, this research presents an analysis for three important psychological motivations: nervousness and actions, melancholic, and sexual repression. In addition, this research tries to shed a light on these psychological motivations through analyzing poem text and its content according to the psychological theory. Accordingly, the present research paper is aimed at showing the poet's real negative or positive situation in the (Le Destm Dea ) towards the woman.



| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٨/٢٣ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٩/٢٧ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | omed.rahem@garmian.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٠ م.د.أميد رحيم شمس الدين،عمر عبدالكريم قادر،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

The research is divided into an introduction and three sections. The first section is dealt with the relationship between the psychology and literature in general, and psychology and poetry in particular. The second section is dealt with the emotional life of the poet and its reflection on his poetry before (Le Destm Dea). The third section has been customized to study and analyze the poem according to the psychological theory. Finally, the results have been presented with the references at the end of the research.

**کلیلە وشە :** عەبدوڵڵا پەشێو، لە دەستم دێ، دەروونشیکاری، دەروونناسی، فیمینیست.

## پێشەکی:

لە ئەدەبیاتی کوردیدا پەشێو لە ریزی پێشەوەی ئەو شاعیرانەیە، کە دەیەوێت لە رێگەی ژنەوە بەختەوەری دروست بکات یان بەردەوامی بە ژیان بدات، بۆیە تێروانینی بۆ ژن پێگەیەکی تایبەتی هەیە جیاواز لە شاعیرانیتر، ئەمەش بە روونی لە شیعرەکانیدا رەنگیداوەتەوە و لە ئەنجامدا بە شاعیرێکی ژن دۆست ناسراوە. ئەم تێروانینە تا رادەیەك سەرجەم شیعرەکانی پەشێو، کە بۆ ژن و خۆشەویست نووسراون دەگرێتەوە، بەڵام بە لای هەندێ لە رەخنەگر و توێژەر و رێکخەرانی مافی ژنانەوە، پەشێو وەکو شاعیرێکی دژە ژن سەیرکراوە، سەرجەم رەخنەکانیان لەسەر دەقی شیعریی (لە دەستم دێ)دا بنیات نراوە، بێ ئەوەی خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ سەرجەم دەقەکە بکەن، هۆکار و پاڵنەری نووسین و ئەنجامی کۆتاییەکەی بخەنەروو. لەم سۆنگەوە ئەم توێژینەوەیە بە ناوی "شیعری (لە دەستم دێ)ی عەبدوڵڵا پەشێو (پاڵنەرە دەروونییەکان لە روانگەی تیۆری دەروونشیکارییەوە)" هاتە ئاکام.

سنووری توێژینەوەکە تەنها چوارچێوەی دەقی شیعریی (لە دەستم دێ) دەگرێتەوە، کە لە کۆ بەرهەمی (پشت لە نەوا و روو لە کرێوە – شیعری ١٩٦٥-١٩٧٩)دا بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ پەنابردن بۆ چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی سەرەتای ئەزموونی شیعریی پەشێو.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە رێبازی وەسفی و شیکاریمان پەیرەوکردووە. لەلایەکەوە پەنامانبردە بەر رێبازی وەسفی بۆ رووونکردنەوەی دەقە شیعرییەکان. لەلایەکیترەوە رێبازی شیکاریمان بۆ شیکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی دەقەکە بەکارهێناوە بە پشتبەستن بە تیۆری دەروونشیکاری.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەممان تایبەتکردووە بە روونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان دەروونناسی و ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەت. تەوەری دووەم تایبەتە بە رەنگدانەوەی ژیانی سۆزداریی شاعیر لە شیعرەکانی پێش دەقی (لە دەستم دێ)دا. لە تەوەری سێیەمدا شیکاریمان بۆ دەقی (لە دەستم دێ) بە پێی تیۆری دەروونشیکاری کردووە. لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانمان خستووەتەروو.

## تەوەری یەکەم

### پەیوەندیی نێوان دەروونناسی و ئەدەب:

ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەت هەر لەسەرەتاوە هاوتەریی ژیانی مرۆڤایەتی بووە، رۆژانە لە رەفتار و ئاخاوتنەکانیاندا رەنگی داوەتەوە. ئەمەش رەهەندێکی مێژووی دوور و درێژی هەیە و گوزارشتە لە هەست و سۆزی مرۆڤ. دەروونناسیش لەسەرەتاوە پەیوەست بووە بە ئاکار و رەفتاری مرۆڤەوە، رێرەوی هەناو و بارودۆخی دەروونی شاعیر یان نووسەر درك پێدەکات و دەیخاتە روو، هەروەها توانا و لێهاتوویی هونەریی و سەلیقە و چەشەی هەڵدەسەنگێنێت. لەلایەکیتریشەوە هەوڵی ئەوەدەدات هێز و توانای سۆز و مەودای خەیاڵکردنی دیاری بکات. لەم سۆنگەیەشەوە ئەو کاریگەرییەی ژینگە و کۆمەڵگە و داب و نەریتەکان لەپێکهێنان و کامڵکردنی ئەم رێرەوەدا دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. تێروانینی رەخنەگرانیش بۆ ئەدەب لە روانگەی دەروونناسیەوە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمە ئەدەبییەکان زۆر زۆر گرنگە و بە کلیلی لق و پۆ و بەشەکانیتری رەخنەی دادەنێن. لە خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا دەتوانین بگەین بەوەی هەست و سۆزەکانی هونەرمەند چییە؟ پاڵنەر و بزوێنەری لە ئەندێشە و خورپەکانی کامەیە؟ هەروەها خەسڵەت و بارودۆخی دەروونیی بزانرێت، چونکە بەرهەمی هەر شاعیرێك یان

نووسەرێك تایبەتمەندی و شەقڵی تایبەتیی ئەو کەسەیە.

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونناسی بایەخ و تایبەتیی خۆیی هەیە، چونکە "هەموو ئەدەبیاتی ئێمە لەژێر رکێفی دەروونناسی و کاریگەریی لەسەر تاك ڕێکدەخرێت" (سارتر،١٣٧٠: ٨). ئەم پەیوەندییەش پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە، واتە ئەدەب لە دەروونناسیدا دەبێتە هۆی پێشەوەچوونی بیر و گەشەی کۆمەڵگە، دەروونناسیش لە ئەدەبدا دەبێتە هۆی ئەفراندن و لەدایکبوونی بەرهەمی ئەدەبی. بەشێوەیەکی گشتی ئەدەب تەوزیفکردنی زمانە بۆ شیکردنەوەی تێفکرین و ڕۆشنبیری و بوون و گرنگییەکانی مرۆڤ و دەچێتە هەموو بوارە فیکرییەکانیەوە لە فەلسەفە، زانستی کۆمەڵناسی، مێژوو...هتد. ئەدەب و دەروونناسی جەخت لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکەنەوە، چونکە "بەرهەمی ئەدەبی دەربڕینی هەست و سۆز و بیر و باوەڕی داهێنەرەکەیەتی، کە ڕەنگپێدەرەوەی ژیانەکەیەتی"(سەعدون،٢٠١٥: ٤١). تێروانینی ئەدەبیش لە ڕوانگەی زانستی دەروونناسییەوە ئەوەیە، کە "زانستێکە لە ڕەفتار و پرۆسە دەروونییەکان دەکۆڵێتەوە"(زوارزادە،٢٠١٥). کەواتە سەرجەم پرۆسەکانی مرۆڤ لە ڕەفتار و کاردانەوەی دەروونی دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە، لەبەر ئەوەی دەروونی مرۆڤ ناوەندی هەست و هۆش و ژیری و بیرەوەرییەکان و کانگای پاڵنەر و بیرۆکەکانیەتی و "دەروونناسی لە ئاوەز و هەڵسوکەوت دەکۆڵێتەوە"(APA Dictionary of Psychology,psychology). ژمارەیەك لە دەروونناسان لەو بڕوایەدان، دەروونزانی بریتییە لە لێکۆڵینەوە و زانینی دەروونی مرۆڤ، بەڵام گونجاوترین پێناسەی دەروونناسی بریتییە لە "توێژینەوەی زانستی ڕەوشتی مرۆڤ لە خۆسازدانی لەتەك ژینگە"(عەزیز،٢٠١٥: ٢٣)، یان "زانستێکە لە ڕەفتارەکان بەپێی پەیوەندییان لەگەڵ ژیانی ئاوەزی هەستەکان یان نائاگایی دەکۆڵێتەوە"(حسین و زیدان،١٩٨٢: ٢١). واتە هەموو تایبەتمەندیی کەسێتیی تاك لە ڕووی ژیری و هەستەکانیەوە ڕاڤە دەکات. هەروەها هەموو پێناسەکان جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە، کە زانستی دەروونناسی ئەو زانستەیە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و چالاکی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، چونکە ئەمانە دەرکەوتەکانی دەروونی مرۆڤن، کە لە لایەکەوە گرنگی بە لایەنی هەست و سۆز و نەست و عەقڵ و ئاوەز و درککردن و بنیاتی کەسێتی مرۆڤ دەدات، لە لایەکیترەوە لەمیانی جیهانی دەروونیی ناوەوەی کەسەکانەوە لە کەسایەتییان دەکۆڵێتەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەی تایبەتییان بۆ دەکات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دەروونناسی ڕاستەوخۆ تەنها مامەڵە لەگەڵ ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ دەکات، بەڵکو ڕوو لەهەڵسوکەوتەکانیان دەکات و بەهۆیانەوە لە ناخی کەسەکان دەکۆڵێتەوە. بەم پێیە ئەدەبیش هەڵقوڵاوی دڵ و دەروون و ئاوەزی مرۆڤە و ڕێگەیەکە بۆ دەربڕینی خەم و ئازارەکانی دەروونی.

تێروانینەکانی (ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) زەمینەیەکی لەبارن بۆ دەرکەوتن و پێشکەوتنی دید و بۆچوونی نوێ لەبواری ئەدەبدا، بەلای ئەفلاتونەوە "شیعر بریتییە لە وروژاندنێکی هەڵخەڵەتێنەر، کە شاعیر ناتوانێ شتێکی پڕ مانا پێشکەش بکات"(هلال،١٩٧٣: ٣٤)، هەروەها بەلایەوە شیعر نەك هەر سوودبەخش نییە، بەڵکو تێکدەری دەروونی مرۆڤیشە. ئەم فەیلەسوفە وەکو شارەزایەکی باش کاریگەری سایکۆلۆژیی ئەدەبی لەسەر مرۆڤ ڕوونکردووەتەوە، پێی وایە عەقڵی مرۆڤ لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی بەئاگا و بێئاگا و دەڵێت: "شیعر بەو لایەنە سۆزدارییەوە، کە هەیەتی، ڕوو لەو لایەنە دواکەوتووەی عەقڵی مرۆڤ دەکات و دەیهەژێنێ و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر جێ دەهێڵێت"(ئەفلاتۆن،٢٠٠٦: ٤٩٥)، بۆیە بەلایەوە شیعر دەتوانێت مرۆڤ فریوبدات و تووشی زەرەر و زیانی بکات و کاریگەری نەگەتیڤ دەکاتە سەر دەروونی. لەلایەکیترەوە ئەرستۆ جیاواز لە ئەفلاتۆن دەیڕوانییە ئەدەب و شیعر، هەرچەند هەردووکیان باوەڕیان وایە، کە شیعر لاساییکردنەوەیە، بەڵام ئەرستۆ چەمکێکی نوێی پێبەخشیوە، کە جیاوازە لە چەمکەکەی ئەفلاتۆن. بەلای ئەرستۆوە "شاعیر تەنیا لاسایی ئەو شتانە ناکاتەوە کە هەیە، بەڵکو لاسایی ئەو شتەدەکاتەوە کە لەوانەیە ببێت... بۆیە بە بۆچوونی ئەو شیعر شتێکی نموونەییە و فۆتۆکۆپی ژیانی ئادەمیزاد نییە"(الماضي،٢٠١٠: ٣٢). دیارە مەبەستی ئەوەیە شاعیران دەتوانن کارەسات و ڕووداوێك پیشاندەن، کە خەیاڵ بەشداربێت تێیدا، لەو ڕێگەیەشەوە ناخی مرۆڤ بهەژێنێت و کاریگەری لەسەر وەرگر جێبهێڵێت. بۆیە "ئەرستۆ پێی وایە کاریگەرییەکە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی هەیە، کە لە میانەی خستنەڕووی تێروانینەکانیەوە بایەخی بەلایەنی پاکسازی دەروونی داوە لەڕێی هەندێ دەق ئەدەبییەوە"(سەعدون،٢٠١٥: ٤٦).

لە ئەنجامی ئەم تێروانین و بۆچوونانەی ئەفلاتون و ئەرستۆوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە ئەدەب کاریگەری لەسەر ناخی مرۆڤ جێدەهێڵێت و دەیهەژێنێت، هەر ئەم هەژاندن و جوڵاندنەش لایەنێکە لە لایەنەکانی دروستبوون و هەبوونی پەیوەندی نێوان دەروونناسی و ئەدەب. کەواتە ئەدەب وەکو هونەرێك پەیوەستە بەدەروون و ناخی مرۆڤەوە و لەوێشەوە دەنیشێتە سەر دڵ و دەروون و بەها کۆمەڵایەتییەکانی ژیاندا، چونکە

"وەك سەرچاوەيك لە قوڵايى دەروونەوە هەڵدەقوڵێن، وەك هێزێكى كاريگەرن و دەروون هێور دەكەنەوە، ئەوەى نووسەر و ئەديبان دەيخەنە ڕوو سيحر و فانتازيايەكى ژيانە و موچڕكێك بەلەشى خوێنەر وبينەراندا ديَنێ"(عەزيز،٢٠١١: ٦٧)، ئەوكاتەى نووسەر يان ئەديبێك هەست بە پەستى و ناخۆشى و ئازار دەكات و پێيەوەى دەتلێتەوە يان بيرۆكەيەكى بۆ دێت حەزدەكات بينووسێت و ناخى بەتاڵكاتەوە، بيرۆكەكەى لە دووتوێى هەر ژانرێكى ئەدەبيدا لەدايكبێت، لە ڕووى دەروونييەوە هەست بە ئارامى دەكات. ئەمەش وەكو ئەوكەسە وايە خەم و ئازارێكى زۆرى هەبێت و بەنيازى دەردەدڵە لەگەڵ كەسێكيتردا باسى بكات، هەرچەند دەزانێت گوێگر چارەسەرى ئازارەكەى ناكات، بەڵام هەست بە خۆبەتاڵكردنەوە و بارسووكى دڵ و دەروونى لەوكاتەدا دەكات.

بيروبۆچوونى زانايانى بوارى دەروونناسى ڕۆڵى سەرەكيى بينى لە بەرەوپێشچوونى بيرۆكەى پەيوەستكردنى نێوان ئەدەب و دەروونناسى بە تايبەت (سيگمۆند فرۆيد ١٨٥٦ - ١٩٣٩)، كە خاوەنى قوتابخانەى شيكارى دەروونييە و بيرو بۆچوونەكانى بوونە كۆڵەكەيەكى پتەو وگرنگى دەروونناسى "يەكێك لەگرنگترين دۆزينەوەكانى چۆنيەتى كاريگەريى پرۆسە نەستييەكانە، بەتايبەتيش كاريگەريى پاڵنەرە نەستييەكان لەسەر كەسێتيى مرۆڤ" (الجسماني،١٩٨٤: ١٧٥). لە ژێر ڕۆشنايى بنەما سەرەكييەكانى (شيكاريى دەروونى) و قۆناغەكانى و ڕەنگدانەوەيان لەسەر تاك و "لە ديدى ئەو قۆناغە دەروونيانەوە، كە هەڵسوكەوتى دەروونيى تێيدا ڕوويداوە، كەسێتى مرۆڤ شيدەكرێتەوە، هەروەها ژيانى تاك پابەند دەكات بەهەست و نەست و پێش هەست"ەوە(صحرايى، نظريەى شخصيت از ديدگاە فرويد). پێكهاتەى كەسێتى لە تێڕوانينى فرۆيددا سێگۆشەيە: (من-Ego) لايەنى سايكۆلۆژى يان هەست دەگرێتەوە، (ئەو-Id) لايەنى بايۆلۆژى دەگرێتەوە، (منى باڵا-Superego) لايەنى كۆمەڵايەتى و ئەخلاق و داب و نەريتەكان دەگرێتەوە، بۆيە پێى وابوو "سێگۆشەى دژ بەيەك هەميشە لە گيانى مرۆڤدا كاردەكەن و دژ بەيەك دەوەستنەوە و هەموو كەسێتى مرۆڤ دەچەسپێنن"(قەرەداغى،١٩٨١: ١٠٥). فرۆيد لە ڕۆشنايى ئەو زانيارييانەى بەدەستيهێنابوو پەناى بردە بەر جيهانى هونەرمەند و ئەديبان بۆ ئەوەى لە نێو بەرهەمەكانياندا بەدواى وردەكاريەكاندا بگەڕێت، ئەو هێمايانەى بەكاريان هێناوە شيتاڵ بكات و ژيانى نووسەران و هونەرمەندان ڕوونبكاتەوە و شيكارى بۆ كەسێتييان بكات، بۆيە بەرهەمەكانى (سۆفۆكليس و داڤينشى و شكسپير و ديستۆفسكى)ى شيكردەوە و بوو بە پێشەنگى زانايان، كە بە تيۆرى و پراكتيكى پەيوەنديى دەروونناسيى بە ئەدەبەوە بەهێز و جێگيركرد(سەعدون،٢٠١٥: ٣٧).

فرۆيد لە ڕێى لێكۆڵينەوەكانيەوە لەسەر شاعيران و ڕۆماننووسان گەيشتە ئەنجامێك، كە "لەوانەيە ئاسان نەبێت ئەدەبێك پێكبێت بەبێ ئەوەى ئەو ئەدەبە بەشێك نەبێت لە دەروونى خاوەنەكەى يان بەلايەنى كەمەوە بەشێك نەبێت لەهەستى ئەديب بەرانبەر ئەو شتانەى لە دەوروبەريدا هەن"(قطوس،٢٠١١: ٦١)، ئەمەش واتاى ئەوەيە بەرهەمى ئەدەبى پێش هەموو شتێك بەرهەمى دەروونێكى مرۆييە، ئارەزوو و هۆشيارى و ناهۆشيارى ڕێگەى بيركردنەوە و شێوازى چارەسەركردنى تايبەت بەخۆى هەيە، منداڵى وگەورەبوونى مرۆڤ و شوێنى لەدايكبوونى و ئەو ڕووداوانەى بينيويەتى، هەمووان دەبن بە بەشێك لە بيرەوەرى و بابەتگەلێك، كە جاروبار دێنەوە ياد و لەنێو نووسين و دەقەكاندا ڕەنگ دەدەنەوە. زۆرجاريش هەموو ئەمانە لە نێو نەستدا دەمێنێتەوە و بەبێ ئاگايى جارێكيتر دێتەوە نێو مەيدانى نووسين، بۆيە "شيعر دەركردنى خەمەكانى ڕابردووى مرۆڤە و هەندێك جاريش ئاواتە بەدينەهاتووەكانيەتى و هەندێك كاتيش خەياڵكردنەوەكانيەتى. زۆرجاريش ئەوەى ويستويەتى نەبووە و نەكراوە يان نەيتوانيوە يان نەيانهێشتووە، كە ببێت"(بادياب،١٣٩١). كەواتە هەرچى هەيە لە دڵى مرۆڤەوەيە و دەردانى زيهنى كەسێكە لەگەڵ خۆى و لەگەڵ كۆمەڵگەكەى دەرگيرە. نووسەريش ئەوەى دەينوسێت و ڕووداوەكانى دەوروبەريشى بە خۆرسكى وەرناگرێت، بەڵكو خەياڵى تێكەڵ دەكات، لەوێشەوە بە حاڵەتە دەروونييەكەى بارگاوى دەكات و لە بەرگێكيتردا و لەچوارچێوەى دەقێك دەيخاتە ڕوو، چونكە "پەيوەندى نێوان نووسەر و نووسين، چەند گەياندنى بابەتە بەجيهانى دەرەوەى نووسەر، ئەوەندەش ميكانيزمى بەيەكداچووى سايكۆلۆژييە، سروشتى ئەم پەيوەندييەش بەپێى سروشتى كايە ئەبستمۆلۆژييەكان گۆڕانى بەسەردا دێت"(ڕەزا،٢٠٠٨: ١١١). لێرەوە دەتوانين بڵێين هەردەقێكى ئەدەبى زادەى هزر و بير و سايكۆلۆژياى خاوەن دەق يان ئەديبەكەيە و هەر ئەمەش پەيوەندى لە نێوان دەق و خوێنەردا دروست دەكات . بەواتايەكيتر "گەر دەق ڕێگەيەك بێت بۆ دەربڕين، ئەوا سايكۆلۆژياى نووسەر ڕۆڵێكى گەورە دەبينێ لە نزيكخستنەوەى پێوەندى دەق و خوێنەر"(كەريم،٢٠١١: ٤). كەوابو هەردەقێكى ئەدەبى پيشاندانى حاڵەت و بارودۆخى دەروونى خاوەنەكەيەتى

، بۆیە کاریگەری دەکاتە سەر دڵ و دەروونی خوێنەر و "هەر ساتێکی نووسین لای نووسەر بریتییە لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی و لەساتەوەختەکانی نووسیندا نووسەر لەژێر کاریگەری بارێکی دەروونی نائاساییدا ئاستی توانایی هزری و لەولاشەوە ئاستی توانا زمانییەکانی پێوەری وەرگێڕانی ئەو بارە دەروونییەن بۆ شێوازە جیاجیاکانی دەق"(حوسێن،٢٠٠٦: ٢٠٨).

بەم پێیە قوتابخانەی دەروونشیکاری خزمەتێکی گەورە و بەرچاوی پێشکەش ئەدەب کرد، دەروازە و ئاسۆیەکی ڕوون و فراوانی لەبەردەمدا کردەوە بۆ چوونە نێو قوڵایی وێنەی هونەری و چەندین کلیل و کۆدی تازەی دەروونناسیی بۆ شیکردنەوە، ڕاڤەکردنی کەسایەتییە ئەدەبییەکانی پێبەخشی و ڕۆڵێکی زۆر گەورەی گێڕا. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکانی ئەم قوتابخانەیە بوو بە بنەما و بناغەی ڕێبازێکی ڕەخنەیی نۆی بەناوی (ڕێبازی دەروونی) لەڕەخنەی ئەدەبیدا، کە سەرجەم بنەما و پێوانەکانی لەو ئەنجام و چەمکە زانستییانەی دەروونشیکاری پێی گەیشتووە بەدەستهێناوە. هەرچەند فرۆید ویستوویەتی لە ئاسۆی ئەم قوتابخانەوە بچێتە نێو دنیای ئەدەبەوە و بیروڕاکانی خۆی بچەسپێنێت، بەڵام ڕەخنەی دەروونیی لە ئەدەبدا چەسپاند، توانی دەروونناسی بە ئەدەبەوە ببەستێتەوە. بەدەربڕینێکیتر قوتابخانەی دەروونشیکاری دوای ئەوەی ڕەخنەی دەروونیی لێکەوتەوە بوو بە پردی پەیوەندی لە نێوان دەروونناسی و ئەدەب و دەرگایەکی نوێی لە بەردەم لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکاندا کردەوە، کە سوود لە بنەما و میکانیزمەکانی ئەو قوتابخانەیە بۆ لێکۆڵینەوەکانیان وەربگرن. بەمجۆرە پەیوەندیی دەروونناسی بە ئەدەبەوە تۆکمەتر و بەهێزتر بوو و ساڵ دوای ساڵ پەیڕەوکەرانی زیاتر بوون.

## تەوەری دووەم

### شیعر و ژیانی سۆزداریی عەبدوڵڵا پەشێو:

سەرجەم ژانرەکانی ئەدەب پەیوەندییان بە لایەنی دەروونییەوە هەیە، بەڵام پەیوەندیی نێوان شیعر و دەروونناسی زۆر تۆکمە و بەهێز و لێك دانەبڕاون، شیعر هەڵگری هەست و نەست و سۆز و خەیاڵە، هەر ئەمانەش پەیوەندییەکی بەهێز و قوڵ لە نێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەقدا دروستدەکەن. پەیوەندیی نێوان ئەم دوو چەمکە پەیوەندییەکی بەهێزە، هەردەقێکی شیعری زادەی بیر و هزرێکی بەدیهێنراوە لە نێو خودی مرۆڤەکەدا. بۆیە هەرجۆرە هەڵچوون، هەست، خەم، خۆشحاڵی، نیگەرانی...هتد، دەرهاویشتەی دەروونیی نووسەرەکەیەتی، تەنانەت دەقە ئەدەبییەکانی وەکو ڕۆمان یان چیرۆك، کە پاڵەوان و دژە پاڵەوان یان ئالانگاری تێدایە، ئەویش کاریگەری ژیانی نووسەرەکەیە بە ئێمەی خوێنەر یان وەرگر دەگات، زۆرجار لە ڕێگەی بەرهەمەکانی نووسەرەوە دەتوانین بزانین ژیان و بیرکردنەوە و تێفکرینی کەسێتی نووسەرەکە چۆن بووە. بۆیە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی کەم تا زۆر خودانی ڕەهەندێکی دەروونییە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باری دەروونیی خاوەن بەرهەمەکە لە کاتی نووسینی دەقەکەیدا دەخاتەڕوو. ئەم جۆرە بۆچوونەش نابێتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم جوداکردنەوەی ئەدەبی دەروونی لە جۆرەکانیتری ئەدەب، کە بەپێی پەیام و بابەت و ڕەگەز لەیەکتر جیادەبنەوە، بەڵام "ئەوەی زیاتر ئەدەبی دەروونی جیادەکاتەوە لایەنی بایەخدانە بە پەردە هەڵماڵین لە ڕووی هەستە پەنگخواردووەکانی ناخی مرۆڤدا و خولیا شارەوەکانی هەست و نەستی مرۆڤ بەهای تایبەتی هەیە لەم جۆرە ئەدەبە"(گەرمیانی،٢٠٠٣: ٤٣). دەربڕینی هەستە پەنگخواردووەکانیش لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکیتر دەگۆڕێت و گۆشەنیگای هەر ئەدیبێك لە ئەدیبێکیتر جیاوازە، هەرچەند "شاعیر بەر لەوەی هەرشتبێت، مرۆڤە، پێویستییە دەروونییەکان و جەستەییەکانی لە هاوشێوەکانی لای شاعیرانی دیکە جیاناکرێتەوە لە بارودۆخی ئاساییدا و پێچەوانەشیان نین، بەڵام ئاستی هەستکردنی بەرانبەر بە هەرلەیەك لەو پێویستییانە جیاوازە و دەشێ هەستیاریشبێ، دەرئەنجامەکەش دەیگەیەنێتە پلەی داهێنان و نەمری"(سەعید،٢٠١١: ٦٢).

عەبدوڵڵا محەمەد عومەری ناسراو بە پەشێو لە ساڵی ١٩٤٦ لەگوندی (بیرکۆت)ی شاری هەولێر چاوی بەدونیا هەڵهێناوە، لە تەمەنی پازدە ساڵیدا و لە ساڵی ١٩٦١دا یەکەم دەقە شیعری نووسیوە و لە دوا ژمارەی حەفتەنامەی (هەولێر)دا بڵاویکردووەتەوە، نۆبەرەی یەکەم دیوانی شیعری لە ساڵی ١٩٦٧ لەژێر ناونیشانی (فرمێسك و زام)دا لە کەرکوك بڵاوکردووەتەوە. ساڵی ١٩٧٣ ڕوودەکاتە هەندەران و دەچێتە یەکێتی سۆڤیەت و دەست بە خوێندن دەکات. لە ساڵی ١٩٧٩ بڕوانامەی ماستەری وەرگێڕان لە مۆسکۆ و لە ١٩٨٤ دکتۆرای (Maurice Thorez) ڕووسی و ئینگلیزی لە زانکۆی ئەدەبیات بەدەست دێنێت(پەشێو،ژیاننامە). ئەگەر سەرنجی شیعرەکانی دیوانی (فرمێسك و زام) بدەین بەزۆری

دەردەکەوێت لە خۆشەویستی دواوە و زۆربەی هۆنراوەکانی ئاوات و خۆزگەیەکی تێدایە، زۆرجاریش گلە و گازندە لە یار و باسی ڕۆژانی ڕابردوویان دەکات، هەروەها چونکە سەرەتاکانی شیعرنووسینی بووە و لە تەمەنی گەنجیدا بووە، بۆیە وەك هەر کوڕە لاوێك کچێك دڵی بردبێت، ئەمیش زۆرجار بەو چەشنە هۆنراوەکانی هۆنیوەتەوە.

بۆنموونە لە دیوانی (فرمێسك و زام)دا، لە یەکەم دەق شیعریدا (لە بیرت ناکەم)، پەشێو دەڵێت:

هەر دوێنێ بوو، لێرانەدا،

هەر لەم شوێنە وێرانەدا،

بە ڕابواردن، بە لێو مژین،

خەندەمان نا سەر لێوی ژین... (پەشێو،٢٠٠٦: ١٦)

یان لە سەرەتای شیعری (کیژۆڵەی دڵگیر)دا پەشێو هەست بە ڕەشبینی و ستەمی دەستی یار دەکات و بە لە خۆبایی ناوی دەبات و دەڵێت:

کیژۆڵەی دڵگیر، ئەی لەخۆبایی،

بۆچی دەمکوژیت بەناڕەوایی؟... (پەشێو،٢٠٠٦: ٢٠)

لە شیعری (جوانیی ئەفسووناوی)دا بە درێژی وەسفی یارەکەی دەکات، هەڵسوکەوتەکانی پیشاندەدات، هیوا و ئاواتەکانی بەرەو داهاتوو دەبات، تا ڕادەیەك بە ئەندیشە و دووربینییەوە باسی گفتوگۆکانیان لە بارەی ماڵ و باسی ناوی یەکەم منداڵیان دەکات:

هەموو شتێك جوانە لە تۆ:

وردە نیگا،

چاو و برۆ،

گێڕانەوەی بیرەوەریت،

باسی خۆشی و دەردەسەریت،

باسی دەستەخوشکانی خۆت،

باسی شیعری بێ تام و بۆت،

باسی دوارۆژ،

باسی ناوماڵ،

باسی ناوی یەکەم مناڵ! . (پەشێو،٢٠٠٦: ٦٦-٦٧)

ژیانی سۆزداریی پەشێو وەکو لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت، ئاوات و ئومێدێکی ڕاستەقینە و ڕوانینێکی دوور و جێگیر و بەردەوامبووە بەرەو داهاتوو، خۆشەویستی وگەیشتنە یار و پێکهێنانی ژیانی خێزانی، ئامانجێکی کاتی نەبووە، بەڵکو دوا ئامانجی شاعیر بووە، بۆیە بەردەوام لەم جۆرە شیعرە دەبینین:

نیازم وابوو

ببمە گەرداو،

ببمە لافاو،

گەڵای زەردی

ساڵانی پڕ بەسەرهاتت ڕابماڵم.

بتکەم بەو دایکە بەسۆزەی

گۆی مەمکت بمژێ مناڵم . (پەشێو،٢٠٠٦: ١٥٩)

لە دیوانی (بتی شکاو)یشدا بەو چەشنەی دیوانی یەکەمی بۆ خۆشەویستی زیاتر دەنووسێت، هەست بە شکست و کاڵبوونەوەش لە

شیعرەکانیدا دەکرێت. پەشێو لە دەق (هۆنراوەم)دا لە ڕووی دەروونییەوە باس لە هەوێنی دروستبوونی هۆنراوەکانی دەکات، کە لە شیلەی دڵ و دەروونیەوە هەڵهاتووە و ئاوێنەی بوون و نەبوونیەتی، دواتر دەیبەستێتەوە بە یار و دەڵێت :

سروودی گەرمی تاڤی لاویمە،

هەڵچوونی خوێنی ئاگراویمە،

بۆیە جیاوازیی نییە، ئەی جوانم،

منت خۆش بوێ یا شیعرەکانم . (پەشێو،٢٠٠٦: ٧٧)

لە زۆرینەی شیعرەکانی پەشێودا هەست بە هەژاری و خیانەت و شکست و نەگەیشتنە ئامانج و ڕەشبینی بەرانبەر بە یار دەکرێت، کەچی سەرمایەی شاعیر تەنها شیعرەکانیەتی ئەویش تینوێتی یار ناشکێنێت، بۆیە لە دەقە شیعری (مافی خۆتە)دا دەڵێت:

لە چەقی ڕێگەم، هەر لە بەرچاوم،

بێ ژێر پێیان نامەی پێچراوم.

شان بە شان برۆ، قشتیلە و نازدار،

لەگەڵ دۆستێکی تازەی پارەدار. ...هتد(پەشێو،٢٠٠٦: ٨٦-٨٧)

بەم شێوەیە شاعیر بەردەوام دەبێت، گلەیی و گازندەی خۆی بەرانبەر بە یار دەردەبڕێت، بەڵام لە ئەنجامدا سەرزەنشتی خۆی دەکات، کە نەیتوانیوە داواکارییەکانی یار جێبەجێ بکات، مافی ئەو ڕەفتارانەی لە شێوەیەکی ڕەخنە ئامێزدا بەو دەدات و دەڵێت:

قەیناکا، گیانە! ڕاستی، زۆر ڕاستی،

پێم نەهاتە جێ چی دڵت خواستی!

تەنیا شیعر بوو ئەوەی من هەمبوو،

بۆ قنیاتی تۆش شیعر زۆر کەم بوو! . (پەشێو،٢٠٠٦: ٨٨)

پاش بەکارهێنانی ئەو چەند نموونەیە لە شیعرەکانی پەشێو، کە لە سەرەتای ئەزموونی شیعریی خۆیدا نووسیویەتی، بەجوانی ڕووندەبێتەوە کەسێکی تایبەت بووە بە سەرچاوەی ئیلهامی شیعرەکانی و لە پێناو بەدەستهێنانی ئەوکەسەشدا بێ وچان هەوڵیداوە، کەچی دوای ئەوەی بێ هیوا دەبێت لە بەدەستهێنانی و سەرکەوتوو نابێت لە ئەزموونی خۆشەویستیدا، دەروونی شاعیر هەڵدەچێت و دەقی شیعری (لە دەستم دێ) لەدایك دەبێت.

سەبارەت بەو ئەزموونی خۆشەویستییە و پاش ئەنجامدانی چەندین توێژینەوە و دیمانەی تایبەت لەگەڵ شاعیردا، تاکو ئێستا ئەو نهێنیە و ئەو کەسایەتییەی پەشێو خۆشیویستووە و بنەمای خورپەی لەدایکبوونی شیعرەکانی بووە نەناسراوە. وێرای چەند ئاماژە و درکاندنێك بۆ کەسایەتییەکی ناسراوی کورد، کە لە بەغدا پەشێو ناسیویەتی، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو بۆ بوونی ئەم پەیوەندییە لە بەردەستا نییە تاکو لە هەڤپەیڤینێکی تۆڕی میدیایی (ڕووداو)دا لە ٢٠١٩/٩/٢٠ پەخش و بڵاوکرایەوە، بۆ یەکەمجار (د.کوردستان موکریانی)، کە دەوترێت ئەم شیعرە بۆ ئەو نووسراوە، لە لایەن خۆیەوە باسی چیرۆکی عەشق و خۆشەویستی نێوان خۆی و پەشێوی کرد و ئەو شیعرانەی بۆی نووسیون و دەڵێت: "عەبدوڵڵا پەشێو هەندێکجار شیعرەکانی خۆی بۆ ناردوون بۆ چاوپێداخشاندنەوە بەرلەوەی بڵاویان بکاتەوە، هەروەها هەندێك لە شیعرەکانی بۆ ئەو نووسیون"(ڕووداونێت،٢٠١٩). ئەمە بەڵگەیەکی یەك لایەنیە بۆ ئەوەی پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەبووە. لە دیمەنێکیتری چاوپێکەوتنەکەدا باسی خۆشەویستی باسنەکراوی خۆی و پەشێو و کاریگەری ئەو بەسەر شیعرەکانیەوە دەکات و دەڵێت: "پەشێو کاتێك لە ژیانی مندا پەیدا بوو، کەڵکەڵەی تەواوکردنی خوێندن لە دەرەوەی وڵات هەموو مێشکی داگیرکردبووم، ئەوسا هیچ پرۆژەیەکی خۆشەویستی لە ژیانمدا نەبوو، بەداخەوە پەشێو ئەو بوێرییەی تێدا نەبوو پێمبڵێ خۆشیدەوێم، دوای ئەوەی منی ناسی، ژن و نیشتیمان لەشیعرەکانیدا بوونە هاو واتا و تا ئێستاش ئەمە لە شیعرەکانی ڕەنگدەداتەوە"(ڕووداونێت،٢٠١٩). واتە ئەم ئاواتەش لە دڵی کوردستان موکریانیدا ماوەتەوە، کە پەشێو پێی بڵێت خۆشم دەوێی یان بە دەربڕینێکیتر ئەمیش پەشێوی خۆشویستووە. ئەوەشی درکاند، کە پەشێو

نیشتمانەکەی (کوردستانی گەورە)ی بەجێهێشتووە لە پێناو خۆشەویستەکەی (کوردستانی بچووك). واتە بەلای د.کوردستان موکریانییەوە هۆکاری کۆچکردن و رووکردنە هەندەرانی پەشێو لە پێناو بەدواداچوونی ئەمدا بووە. دیارە ئاوێتەبوونی ناوی (کوردستان) وەکو نیشتمانی گەورە و دڵرفێنی بیر و هۆشی پەشێوی نیشتمانپەروەر لەگەڵ ناوی (کوردستان)ی تایبەت بە ئافرەتی کورد هۆکارێکی سەرەکیی دروستبوونی ڕای جیاوازبووە بۆ دەستنیشانکردنی خۆشەویستە ڕاستەقینەکەی، هەندێ جاریش بە مەبەست یان بە ڕێکەوت ناوەڕۆکی شیعرەکان لەگەڵ ڕووداو و سەربووردەی ژیانی شاعیر و ئەو کوردستانەی بەلایەوە مەبەستە یەك دەگرنەوە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری دەقە شیعری (کوردستان) بکەین، کە لە بەروار ١٩٧٧/١٠/٥ لە مۆسکۆ نووسیویەتی و بەراوردی لەگەڵ ژیاننامەی (د.کوردستان موکریانی)دا بکەین گۆمانمان بۆ دروست دەبێت لە کات و بەروار و هۆکار و پاڵنەرەکانی نووسینی ئەو دەقە کورتە پڕ لە تاسە و خۆشەویستییە، سەرلێشێوان و تێکەڵبوون و فرەڕایی لە لێکدانەوەی ناوەڕۆکەکەیدا دروست دەبێت، پرسیارێکی گرنگیش دێنێتە ئاراوە، ئایا مەبەست لە کام کوردستانە ؟ چونکە لە لایەکەوە پەشێو کوردستانپەروەرە و کوردستانی نیشتمان هەموو سامانیەتی، لە لایەکیترەوە بەرواری دانانی شیعرەکە ڕێکدێت لەگەڵ سەردەمی گەڕانەوەی (د.کوردستان موکریانی) بۆ کوردستان پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام نامە و وەڵامدانەوەکەی شاعیر هەموو ڕا جیاوازەکان یەکدەخات و تای تەرازوو بەرەو کوردستانی نیشتمان قورستر دەشکێنێتەوە :

کێڵگە دەستری بۆ باران، چیا بۆ هەڵۆ.

ڕووبار و چەم بۆ نەوەستان، خۆر بۆ ئاسۆ.

ئاگرپەرەست بۆ ئاتەشگە، با بۆ چرۆ.

ئەستێرە و مانگ بۆ سپێدە، منیش بۆ تۆ.

کوردستانم، منیش بۆ تۆ! (پەشێو،٢٠٠٦: ٤٢٠)

ئەوەی خرایە ڕوو تایبەت بوو بە هەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان شاعیر و ئەو کەسەی شیعرەکەی بۆ نووسیوە، بەپێ چەند بەڵگەیەك، کە نووسەران لە شوێنی جیاوازدا ئاماژەیان پێداوە بە ئەرێ یاخود نەرێ یان نکۆڵیکردن. پاش ئەو دیمانەیە، کە ڕەش و سپی لەیەك جیاکردەوە و نهێنی و ناسنامەی خۆشەویستە ڕاستەقینەکەی پەشێوی بە هەموو کوردێك ناساند، زۆری پێنەچوو و پاش سێ ڕۆژ لە ٢٠١٩/٩/٢٣ پەشێو هەموو ئەو قسانەی ڕەتکردەوە و بە توندی وەڵامی قسەکانی د.کوردستان موکریانیی بە نامەیەك دایەوە، کە تیشك دەخاتە سەر چەند لایەنێکی پەیوەست بە ژیانی شاعیر و کەسە تایبەتەکانی ژیانی، هەروەها بواری ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی بە سەردەکاتەوە. ئەمەش دەقی وەڵامدانەوەکەیەتی بەهۆی گرنگیی وەکو خۆی دووبارەی دەکەینەوە "تەمەن هەرچەندە هەڵکشێ، دەشێ بەختەوەریی تێدا بدۆزیتەوە، بۆیە، پێم وا نییە پیری خەوش و کێماس بێ، یان کارەسات، بەڵام گەورەترین کارەسات ئەوەیە، لە سەروبەندی پیریدا مرۆڤ تووشی خرەفان بێ، دۆ و دۆشاو تێکەڵ بکا، ببێتە زەلیلی دەستی چەقەنەچییان و درۆی لێ ببێتە ڕاستی، دنیایەك لە وەهم بۆ خۆی بنیات بنێ. بەڵێ، مرۆ کە خرەفا دەشێ خۆی لێ ببێتە قارەمانی شیعر و داستان، ببێتە حەبیبەی نالی و شیرینی وەفایی، بخرێتە ناو مێژووی ئەدەبیاتەوە، جێ بە ئازیزانی پەپوولە ئاسای ناو شەونامەی شاعیرێك لەق کا.

مێژووی سیاسیمان ئەگەر هەمووشی نەبێ، بەشی هەرە زۆری درۆیە، خەریکە مێژووی ئەدەبیشمان بە هەمان دەرد دەچێ. من کە هێشتا زیندووم هەزار درۆم بۆ هەڵدەبەستن و بە زەبری پارە و دەسەڵات دەیکەن بە فاکت، بەڵام، نەخێر! تا خۆم زیندووم، ناهێڵم ئەوە سەر بگرێ. ناهێڵم قارەمانی ساختە جێی خۆشەویستەکانم بگرنەوە.

خوایە، من قەت بۆ تەمەنی نووح ناپاڕێمەوە. دەزانم، شێوازی ژیانی من و ئەو ڕێبازەی لەسەری ڕۆیشتم هی ئەوە نەبوو کە تەمەنم هێندە بڕبکا، بەڵام کردی و هەروا بەردەوامە. سوپاس.

خوایە، هەرچیم بەسەر دێنیت پێی قایلم، خرەفان نەبێ!"(گەلاوێژ،٢٠١٩).

پەشێو لەبارەی ئەو شیعرە و ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی کراوە لە هەڤپەیڤینێك لەگەڵ (ڕادیۆی ئەمەریکا)دا دەڵێت: "ئەو شیعرە ٤٨ ساڵ لەمەو بەر و لەناوەڕاستی شەستەکاندا نووسراوە، کە مێرد منداڵێکی بیرکۆتی نووسیویەتی، ئێستا ئەکتیڤی دەکەن، ئەو شیعرە بەستراوەتەوە

بە ئەفسانەیەك، خۆم لە ژیاندام کەسێك لێی نەپرسیوم ئەو ئەفسانەیە ڕاستە؟ کورە نەوەڵلا هیچی بەسەر هیچەوە نییە"(هەریری،٢٠١٧). دیسانەوە پەشێو باسی ئەوە دەکات لە تەمەنی هەرزەکاریدا و لە نێوەندی شەستەکاندا ئەو شیعرە نووسراوە، مێژووی بڵاوکردنەوەی بۆ ساڵی (١٩٧٠) دەگەڕێتەوە و خودی پەشێو بەئەفسانەیەکیش ناوی دەبات. واتە خەیاڵێکی مێرد منداڵانەیە، یان دەکرێت بوترێت بەجۆرێك ڕەتیدەکاتەوە پەیوەندییەك هەبووبێت لەو نێوەندەدا.

## تەوەری سێیەم

### شیعری (لە دەستم دێ) لە ڕوانگەی تیۆری دەروونشیکارییەوە:

لەگەڵ دەرکەوتنی زانستی دەروونناسی شیکەرەوەیی لەسەردەستی فرۆید و بڵاوکردنەوەی پەرتوکەکەی (لێکدانەوەی خەونەکان) لە ساڵی ١٨٩٩، ئیتر سەرەتاکانی ئەم تیۆرە دەرکەوت. ئەم بیردۆزانە زیاتر "لە گۆشەنیگای نێردەر یان نووسەری دەق لێکۆڵینەوەی دەروونی ئەنجام دەدات، بەڵام پاشتر قوتابخانەکانیتری وەکو گشتاڵت، دەقیان لە گۆشەنیگای کاریگەری بەسەر خوێنەرەوە خستەبەرباس و هەندێك لە ڕەخنەگرانی عەرەبیش ئەوانەیانکرد بەپێشەنگی خۆیان"(مهر،١٣٩١: ٤٧). واتە دەتوانین بڵێین تیۆری دەروونشیکاری کار لەسەر دەق ئەدەبی دەکات و بەهۆی بنەماکانییەوە کار بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی ناوەوەی دەق دەکات، ئەمەش لەڕێی ڕۆچوونی بۆ نێو ژیانی ئەدیب و چۆنیەتی ژیانی ئەو کەسە هەر لەمنداڵییەوە تاکو دوا قۆناغەکانی ژیانی. هەڵبەت خاڵێکیتری ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە زیاتر ئەدەب دەکەنە کەرەستەی خاوی کارکردن و لەوێوە دەچنە بنج و بناوانی دەق و بەرهەم و باری دەروونی خودان بەرهەم دەخەنەڕوو. "زانایانی دەروونناسی بەزۆری ئەدەبیان هەڵبژاردووە وەك مادەیەك بۆ بابەتە دەروونییەکانیان و لە دووتوێی توێژنەوەکانیان لە نێو کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا گەلێ ڕاستی دەروونییان هەڵێنجاوە، کە بایەخێکی زۆر مەزنیان هەیە، بەڵگەش لەسەر ئەوە دانپێنانەکەی خودی فرۆیدە، کە دەڵێت نووسەران لە پێش ئەودا ئاستی بێئاگاییان دۆزیوەتەوە"(الماضي،٢٠١٠: ١٦٩). لەگەڵ ئەمانەشدا هەریەك لە (کارل گۆستاڤ یۆنگ و ئالفرێد ئادلەر)یش گرنگیی تایبەتیان بە نەستی تاك داوە، گەرچی هەریەك لەوان خاوەن تیۆری خۆیانن، بەڵام هەریەکەیان لایەنێکی دیاریکراو بەرجەستە دەکەنەوە، فرۆید گرنگیی بەنەستی تاك داوە، کەچی (یۆنگ) گرنگیی زیاتری بە نەستی کۆ داوە، (ئادلەر)یش گرنگیی زیاتری بە هەستکردن بە کەموکووڕی لە لایەنی ئەدیبانەوە داوە.

لەم شێوازەدا زیاتر کەسایەتی دەبێتە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی شێوازەکانی داهێنان لە کەسایەتی نووسەرەوە هەڵدەهێنجێنێت. لەلایەکیترەوە هەندێك لە ڕەخنەگران لە ڕەخنەی ئەدەبیدا پشت بە خاسییەت و بنەماکانی دەروونناسی دەبەستن "ئەو گروپە ڕەخنەگرانە هەوڵ دەدەن باری دەروونی و عەقڵی شاراوەی شاعیر یان نووسەر دەربڕن، توانای دانان و ئامادەیی پێکهاتەی زەوق و قەریحەی ئەو هەڵسەنگێنن، هێزی سۆز و خەیاڵاتی وی دیاری بکەن و ئەو بارە دەروونییە بخەنە بەرباس و لە ڕێگەیەوە جۆری بیر و بنیادی گیانی و زەوقی شاعیر نیشان بدەن"(حوسێن،٢٠١٤: ١٠٦). بەم پێیە میتۆدی ڕەخنەی دەروونی نهێنیە شاراوەکان و عەقڵ و دەروونی شاعیر دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و پەی بە مەبەست و ئامانجەکانی دەبات، لەبەر ئەوەی ئەدەب دیاردەیەکی دەروونییە و شاعیر یان نووسەر داهێنانێك دەکات و دڵی خوێنەریش خۆش دەکات، کەواتە ئەو دەقەی لەدایکبووە بارگاوییەکی دەروونییە و دەشێت چەندین نهێنی و کۆدی تێدابێت، کە ئەم میتۆدە ڕاڤەیان بۆ دەکات و دەیاندۆزێتەوە.

ئەگەر وردبینەوە لە دەقە شیعری (لە دەستم دێ)ی پەشێو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت چەند پاڵنەرێکی دەروونی وای لە شاعیر کردووە پەنا بۆ نووسینی ئەم جۆرە شیعرە بەرێت، کە لە سەرەتای دەستپێکی شیعرەکە خۆی ئەوەی درکاندووە، کە لە بارێکی نا ئاسایی (تورەبوون)دا بووە . واتە هەر لەسەرەتاوە خۆی دان بەوەدا دەنێت وەکو هەرتاکێکی ئاسایی ئەمیش تورە بووە و هەڵچووە، بۆیە ئەم دەقە لەدایکبووە و بووە بەهۆی ئەوەی ڕەخنەیەکی زۆری لێ بگیرێت و بە دژە ژن ناوی بەرن. زۆربەی جاران ئەوانەی ڕەخنەی توندیان لە پەشێو گرتووە، بە پیاو سالار ناوی دەبەن. هەرچەند ئەم دەقە بۆخۆی کۆمەڵێك لایەنی شاراوەی هەیە.

بۆ ناساندن و زانینی پاڵنەرە دەروونیەکانی پشت نووسینی ئەم شیعرە و هۆکارەکانی هۆنینەوەی، لێرەدا سێ پاڵنەری دەروونی دەخەینە ڕوو، کە پێمان وایە لەسەر ئەم بنەمایانە ئەو دەقە شیعرە لەدایکبووە:

### -پاڵنەری یەکەم (تورەیی و هەڵچوون):

ئەم حاڵەتە لایەنێکی سایکۆلۆژییە و لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، تەنانەت ئاژەڵانیش ئەم تورەیی و هەڵچوونەیان هەیە، کە ناوبەناو بۆ مرۆڤ پێویستە تاکو بتوانێت خۆی بەتاڵ بکاتەوە و کەف و کوڵی دڵ و دەروونی دابمرکێنێتەوە، سروشتی ئەم حاڵەتەش دوای تورەبوونی مرۆڤ بەچەند ساتێك هەست بەئارامی دەروونی، هەست بە بارسووکی دەکات، چونکە ڕاگرتنی ئەم خەم و ناخۆشییە دەروونی مرۆڤ تووشی شڵەژان دەکات، بەشێوەگەلێکی جۆرا و جۆر وەڵام دەدەینەوە، زۆربەی ئەم وەڵامانەش لەپشت ڕەفتارەکانی ئێمەوە شاردراونەتەوە و بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە لە ئێمەوە دەردەکەوێت، واتە هەڵچوون و تورەیی ڕەنگدانەوەی باری دەروونی کەسەکانە و ئەگەر لە ژیانیان وردبینەوە ڕوون دەبێتەوە هۆکار گەلێك بوونە بە هۆی ئەوەی تورە و هەڵچووبین. هەڵچوونەکانیش سێ جۆرن (سەرەکی، لاوەکی، داتاشراو)، "هەڵچوونی سەرەکی ئەوەیە، کە تاکە غەریزەیەك دروستی دەکات، بەڵام لاوەکی هەڵچوونێکی ئاوێتەیە لە ئەنجامی دوو هەڵچوون یان زیاتر لە چالاکیدایە وەك گاڵتەپێکردن کە لە تووڕەیی و قێزکردنەوە پێکدێت. ئەو هەڵچوونە پێی دەوترێت داتاشراو ئەگەر پەیوەست بوو بە ڕووداوێك کە لە ڕابردوودا ڕوویدابێت یاخود پەیوەست بوو بە ڕووداوێك کە لە داهاتوودا ڕوو دەدات"(الماضي،٢٠١٠: ١٦٣-١٦٤). لەنێو شیعریشدا ئەم جۆرە هەڵچوونانە بەدی دەکرێت، لە هەناوی شیعرەکاندا خۆیان حەشارداوە و خوێنەر هەستیان پێدەکات.

لایەنگرانی ڕاڤەی دەق لەسەر ئەو باوەڕەن، کە تێگەیشتن لە دەق پێوەندیی بە ئاسۆی زانیاری و تێگەیشتنەکانی خوێنەرەکەوە هەیە بەو پێیە "چەند ئاسۆی تێگەیشتنەکانمان بەرینتر و بەرفراوانتر بێ، ئەوەندە پتر دەتوانین بەقووڵایی دەقێکدا رۆبچین و دیوە شاراوەکانی دەق ئەدەبی ببینین و ئەو مانا و لایەنە ئەدەبیانە بدۆزینەوە، کە لە خەڵکی ئاساییدا شاراوەن، ڕێك بە پێچەوانەشەوە بەرتەسکبوونی ئاسۆی زانیاری ڕووانینی خوێنەر دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕووکەشی و ڕووکاری دەقەکەدا بچەقێ و بۆ لێکدانەوەی دەق پشت بە بەڵگە و دەسکەلای دەرەوەی دەق ببەستی"(سوڵتانی،٢٠١٩). بێگومان دەبێت ئەو هەڵچوونەی شاعیر هۆکارێکی هەبووبێت، بۆیە پەشێوێك، کە چەندین دەق ناسك وتەڕی بۆ ژن نووسیوە بەم چەشنە لەنێو دنیای ئەویندا تووشی ڕەشبینی دەبێ و بەشێوەیەکی نائاسایی تورە دەبێت.

لە دەقە شیعری (لە دەستم دێ)دا بە ڕوونی هەست بەو تورەیی و هەڵچوونە دەکەین و ڕەنگدانەوەی لە هەڕەشە قورسەکانیدایە. پەشێو پێش دەستدانە نووسینی شیعرەکەی و لە ژێر ناونیشانەکەیدا کەوانەیەك دەکاتەوە و حاڵەتی دەروونیی ناسەقامگیری خۆی و تورەبوونی بە خوێنەر پیشان دەدات و دەنووسێت "لە ساتێکدا کە مرۆڤ دەبێتە چەپکێك دەماری تووڕە، هۆنراوەیەکی وا لە دایك دەبێ). دواتر لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێت:

لە دەستم دێ

کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم.

لە دەستم دێ

ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم،

نامەی بەختت بسووتێنم. (پەشێو،٢٠٠٦: ١٦٧)

پەشێو تورەدەبێت و بە هەڕەشە ڕوو دەکاتە دڵخوازەکەی و ڕاستەوخۆ پێی ڕادەگەیەنێت، کە دەتوانێت کاتژمێری خۆشی و کامەرانیی لەو ساتە خۆشەدا بوەستێنێت، ئەڵقەی پەنجەی دوای پەیوەستبوونی لەگەڵ کەسێکیتردا پێ فڕێ بدات و چارەنووسی بگۆڕێت. شاعیر بە هەڵچوونێکی زۆرەوە ڕووبەڕووی خۆشەویستەکەی دەبێتەوە، چونکە ئەو ئێستا بووە بەموڵکی کەسێکیتر و ئەمیش ئەو مافەی بەخۆی داوە وەکو عاشقێکی دڵڕەنجاو بەم جۆرە هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لێبکاتەوە. هەر ئەم سەرتایە دەبێتە جێی سەرنج و تێڕامان و سەرسوڕمانی خوێنەر و توێژەران، چونکە یەکەمجارە پەشێو بەو شێوەیە ڕووی دەمی بکاتە ژن و هەڕەشەی لێ بکات و توندوتیژیی بەرانبەر بنوێنێت. ئەگەر بمانەوێت لە دەقەکانیتری پەشێو وردبینەوە، کە بۆ ژن نووسیونی و بزانین چ پێگەیەکی هەیە لای ئەم شاعیرە، بێگومان تای تەرازووەکەی بەلای ژندا قورسترە و دەشکێتەوە زیاتر لە بوارەکانیتر. واتە پەشێو و خۆشەویستی ژن دووانەیەکی دانەبڕاون و بەجوانترین شێواز ستایشیانی

کردووە، ئەم هەڵچوونەشی لەم شیعرەدا نابێتە جێگەی تانە، چونکە ئەمەی لێرەدا گوزەراوە ئەو حاڵەتە دەروونییەیە فرۆید باسی کردووە، کە نووسەران و شاعیران لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆشن، بە خوڵقاندنی دەقی ئەدەبی دەرمانی دڵ و دەروونی خۆیان دەکەن. دەشێت بۆ پەشێویش ئەم حاڵەتە بارسووککردنی دەروون و چارەسەرکردنێك بێت. ئەگەر شاعیر نەگەشتبێتە بینەقاقای بەمجۆرە هەڵناچێت لە دڵخوازەکەی، کە (ژن)ە و تورە نابێت و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لێ ناکات.

لە دووەم کۆپلەی شیعرەکەدا تورەبوون و هەڵچوونی شاعیر تیژ و توندترە و هەڕەشەکانی بەردەوامە، ئەمجارە دەیەوێت هەموو نهێنییەکان و ئەوەی لە نێوانیاندا ڕوویداوە ئاشکرابکات بەشێوەیەك شەوی ڕووناك و پڕ لە سەفا و خۆشیی یار بە درکاندنێك و خستنەڕووی نهێنییەك ڕەش و تاریك بکات:

لە دەستم دێ

هەموو شتێك ئاشکرا کەم.

کام شەوت گەش و ڕووناکە،

ئەو شەوی پف لە چراکەم . (پەشێو،٢٠٠٦: ١٦٨)

هەڵچوون و تورەبوونی شاعیر بەردەوام دەبێت تا ڕادەیەك هەڕەشەی ئەوە دەکات، کە دەتوانێت بە دوو وشە پەیوەندیی نێوان بووك و زاوا بترازێنێت، دڵی زاوا لە شەوی پەردەدا لە بووك ڕەش بکات، لە خۆشی و چێژی ئەو شەوە تایبەتەیان بێ بەش بکات:

لە دەستم دێ، بە دوو وشە،

دڵی زاوای نووستووت ڕەش کەم،

لە خۆشاوی شەوی پەردەتان بێبەش کەم . (پەشێو،٢٠٠٦: ١٦٨)

تورەیی و هەڵچوونی شاعیر لێرەدا گەیشتووەتە لوتکە. هەڵچوونیش بەخۆش و بە ناخۆش هۆکاری خۆی هەیە، ئەمەی پەشێو هەڵچوونی وەبیرهاتنەوەیە، کە مرۆڤ لە پڕ شتێکی کۆنی بیر دێتەوە، کە لە هۆشدا خەزن کراوە و دەبێتە هەڵچوون، واتە شاعیر بیری دەکەوێتەوە بەرانبەرەکەی لێی دوورکەوتووەتەوە پشتی کردووەتە هەموو پەیوەندی و بیرەوەریی ساتەخۆشەکانی پێکەوەبوون، بۆیە هەڕەشەی ئەوە دەکات، کە دەتوانێت بە دوو وشە سەرجەم نهێنیەکان ئاشکرا بکات، بەڵام هێشتا هیچ شتێکی نەدرکاندووە و دانی بەخۆیداگرتووە لە پێناو شتێکدا، ئەویش خۆشەویستییەکی پاك و بێگەردە بۆ بەرانبەرەکەی.

### -پاڵنەری دووەم (ڕەشبینی):

ڕەشبینی دیاردەیەکی دەروونییە و بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ تووشی هەموو تاکێك دەبێت لە یەکێك لە قۆناغەکانی ژیانیدا. فرۆید تێڕوانینی خۆی لەبارەی ڕەشبینیەوە خستووەتەڕوو و پێی وایە "ڕەشبینی لە ژیانی تاکدا سەرهەڵنادات تەنها لەو کاتەدا نەبێ، کە گرێیەکی دەروونیی هەبێ"(سەعدون،٢٠١٥ : ٣٠٤).

هەمیشە دەروونناسی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەگەر مرۆڤ لە مەیدانی سۆزداری و بواری کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە سەرکەوتوو نەبێت و شکست بهێنێت، لە ئاکامدا تووشی ڕەشبینی دەبێت. شاعیریش کەسێکی هەست ناسکە، کاتێك تووشی ئەم حاڵەتەی ڕەشبینی دەبێت، بەشێوەیەکی ئاسایی لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. لە کۆپلەیەکیتری دەقی شیعری (لە دەستم دێ)دا، دەروونی شاعیر پاش تورەبوون و هەڵچوون لەسەرخۆ هێور دەبێتەوە و سۆزەکانی هەڵدەکشێن، بۆیە ڕوو لە دیاری و یادگارییەکانی ڕۆژانی ڕابوردوو دەکات، سات بە ساتی دێنێتەوە بەرچاو، بەڵام پاش ئەو نەهامەتی و دەردەسەرەی یار بەسەریدا هێناوە، دیارییەکان دەست لەسەرسنگ و شەرمەزار لە ئاستی شاعیردا دەوەستن و ئارەقەی شەرم دەتکێنن لە تاو ئەم تاوانەی بەرانبەری کراوە:

نامەکانت یەك یەك ماون.

دیارییە سادەکانت یەك یەك ماون.

چاویان شۆڕە،

دەست لەسەرسنگ بۆم وەستاون. (پەشێو،٢٠٠٦: ١٦٨)

دواتر شاعیر بەردەوام دەبێت و بەتەواوی ڕەشبینییەکەی لە ئاستی ئەو ڕووداوەی بەسەریدا هاتووە دەردەکەوێت :

لەتاوی ئەو کارەساتەم

ئارەقەی شەرم دەتکێنن.

مۆری حەزێکی ئاگرین

بەناو چاوتەوە دەلکێنن. (پەشێو،٢٠٠٦: ١٦٨)

شاعیر ئەم حاڵەتی جودابوونەوە بەکارەسات پەسن دەکات، کە مرۆڤێکی درندە بەسەری هێناوە. بۆیە دەبینین هەڵچوون و ڕەشبینی شاعیر بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی گەشتووەتە ئەوەی بڵێت لەپێناو حەزێکی ئاگرین و ئامێز و باوەشی کەسێکیتر کارەساتت بەسەر مندا هێناوە. ئەم دەربڕینانەی پەشێو بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەن بۆ ئازار و چەرمەسەرییەکانی ڕۆژانی ڕابردووی و بەم شێوەیە گوزارشتی ڕەشبینی بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی دەکات. ئەمەش ئەو حاڵەتەیە، کە وادەکات پەشێوی ژن دۆست لە کەسێکی دڵنەرم و پڕ لە خۆشەویستییەوە بگۆڕدرێت بۆ کەسایەتییەکی کینە لە دڵ و تورە و ڕەشبین، ئەم ڕەشبینیەش دەبێتە نەخۆشییەکی سایکۆلۆژی و کاریگەری دەکاتە سەر بیر و باوەڕ و ڕەفتاری مرۆڤ و دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری لە ژیانی ڕۆژانەی.

- پاڵنەری سێیەم (چەپاندنی سێکسی):

یەکێك لە تیۆرییەکانی فرۆید باسی وزەی (لبیدۆ) یان حەزی سێکسی دەکات، زۆرێك لە پسپۆڕانی دەروونناسی وەکو (کارل گۆستاف یۆنگ و ئالفرێد ئادلەر) ئەوەیان ڕەتکردووەتەوە، کە دەڵێت: "هاندان و ئەنگیزە و وزەی جوڵاندن و بزواندنی هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە کۆتاییدا هەر ئەو شتەیە، کە دەتوانین بە غەریزەی سێکسی ناوی بەرین"(پژوهش،١٣٩٨). هەڵبەت فرۆید توانای سەرەکیی دەروونی بە (لبیدۆ) یان وزەی سێکسی دەزانێت. چەپاندنی حەزی سێکسیش هەموو ئەو حەز و ئارەزووانە دەگرێتەوە، کە لە ناخ و دەروونی کەسێکدا هەیە یان ماوەتەوە و نەهاتووەتەدی. هەروەك چۆن فرۆید ئاماژەی پێداوە، حەزی سێکسی خەمڵێنراوی ژیانی تاکە کەسە و ڕۆڵی دەبێت لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و چالاکییەکانیدا. هەروەها دەروونناسان باوەڕیان وایە و جەختیش لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هەر مرۆڤێك حەزی سێکسی بەشێوەیەکی ئاسایی تێر نەکات، تووشی گرژی و نارەحەتیی دەروونی دەبێتەوە. هەروەها تێرنەکردنی حەزی سێکسی، مرۆڤ تووشی هەڵچوون و ڕەشبینی دەکات، ئەمەش لە ڕەفتارەکانیدا دەبینرێت. بە بڕوای فرۆید چەپاندنی سێکسی لەکاری ئەدەبیدا ڕەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت، چونکە هەموو شتە چەپێنراوەکان هەرچەندەش خەفە بکرێن ناتوانرێت بەتەواوەتی لەناو ببرێن، بەڵکو لەنێو خەون و کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە. بۆ پەشێویش ئەم حاڵەتە ڕاستە و دووچاری بووەتەوە، لە نووسینی شیعرەکەیدا بە ئاگایی یان بێ ئاگایی هاتووەتە نێو دەقە شیعرییەکەیەوە و وەکو مرۆڤێك، کە خودانی ئەو حەزەیە. شاعیر زۆر تامەزۆریانە باسی مومارەسەی ئیرۆتیکیانەی خۆی و خۆشەویستەکەی دەکات، کە تاڵ بەتاڵی پرچی بۆنکردووە و خاڵ بەخاڵی سنگی بەدەست وپەنجەی خۆی گوشیوە و گرتووە:

تاڵێکی پرچت نەماوە

تێرتێر بۆنم نەکردبێ.

جێی دەرزییەك

لە سنگی برسیت نەماوە

پەنجەی پەی پێ نەبردبێ . (پەشێو،٢٠٠٦: ١٦٩)

پاشان شاعیر دەیەوێت وتەکانی دووپات بکاتەوە و بە بەڵگەی باوەڕپێکراو بیسەلمێنێت، بۆیە گەواهیدەرەکانی ڕووبەڕووی یار دەکاتەوە بۆ ئەوەی کەس گومان لە قسەکانی نەکات. گەواهیدەرەکانی پراکتیزەکردنی حەزە سێکسییەکانی شاعیریش ماددی و مەعنەوین، هەندێکیان توانای قسەکردنیان نییە وەکو (دارتێلەکانی سەر شەقام) و ئەوانیتر توانای قسەکردن و قایلکردنیان هەیە وەکو ئەو کەسانەی (نامەی تۆیان

بۆ دەهێنام):

گەواهی دەدەن لەسەرت

دارتێلەکانی سەر شەقام.

گەواهی دەدەن ئەوانەی

نامەی تۆیان بۆ دەهێنام . (پەشێو،٢٠٠٦: ١٦٩)

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیت، کە شاعیر و بەرانبەرەکەی خۆشەویستییەکی قوڵ لەنێوانیاندا هەبووە، ناشتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت، چونکە ئەم دیمەنانەی لەم دەقەدا هەیە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، تا ڕادەیەکیش لە جوڵەی ئیرۆتیکی و مومارەسەکردندا خۆیان دەبیننەوە. ئێستاش ئەم حاڵەتە دەروونییە ڕوویتێکردووە و بەگوێی بەرانبەرەکەیدا دەیڵێتەوە، کە هەموو ئەمانەیان پێکەوە کردووە، بەڵگەی تەواویشی لەسەر هەیە دەتوانێت بیخاتەڕوو بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، کەچی هێشتا شاعیر هەر بەردەوام دەبێت لە هەڕەشەکردن و بەتاڵکردنی داخی دڵ، بەمەش ئازار و گرژی دەروونیی کەمتر دەبێتەوە.

لەدایکبوونی خۆشەویستییەکی گەورە و لە پڕا جودابوونەوە لە یەك لایەنەوە، مرۆڤ تووشی دڵەڕاوەکێ و ڕەشبینی و هەڵچوون دەکات، بۆیە هەوڵدەدات بە هەر جۆرێك بووە تۆڵەی خۆی بکاتەوە. سروشت و خەسڵەتەکانی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان ئەوەیە، ژیانیان ئاوێتەی یەکتری دەکەن و بوونی خۆیان لە بوونی یەکتری دەبیننەوە. کاتێکیش کەسێك خۆشەویستەکەی لەدەست دەدات تووشی حاڵەتێکی دەروونی گەورە دەبێت، کە زۆرجار تا ڕادەی خۆکوشتن دەچێت، چونکە بەبڕوای ئەوکات و زەمەن ئیتر دەوەستێت و سوڕی ژیانی ئەمیش کۆتایی پێ دێت. ئەمەش بۆ پەشێو زۆر ڕاستە، چونکە لێرەدا تووشی ڕەشبینی و هەڵچوونێکی گەورەی دەروونی بووەتەوە و دەمارگرژ بووە، بۆیە هەڕەشەی دەرخستنی هەموو شتەکانی نێوانیان دەکات بۆ ئەوەی یاریش ئەم تاڵاوییەی دابڕانە بچێژێت، کەچی دیسانەوە سووکتر و نەرمتر هەڕەشە لە دڵخوازەکەی دەکات و ئەوەی بە بیردێنێتەوە، کە دەتوانێت زۆر شت بکات:

بەڵێ، گیانە!

گەر بمەوێ

کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم...

گەربمەوێ

ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم،

نامەی بەختت بسووتێنم،

بەڵگەم پێیە،

هەزار بەڵگەی ئاشکرا و ڕوون.

بەڵگەی چوار ساڵ پێکەوە بوون . (پەشێو،٢٠٠٦: ١٦٩ - ١٧٠)

تاکو ئێرە پەشێو لە توڕەبوون و هەڵچوونەکەی بەرانبەر بە دڵخواز بەردەوامە و دەتوانێت ئەڵقەی پەنجەی پێ فڕێبدات، چارەنووسی ئێستای بسووتێنێت، چونکە هەزار بەڵگەی پێکەوەبوونیانی پێیە، کە چوار ساڵ یەکتریان خۆشویستووە و ئاوێزانی یەکتر بوونە، بەڵام دیسانەوە خەم و ئازار و مەینەتیەکانی خۆی دەشارێتەوە و لە پێناو خۆشەویستەکەیدا قوربانی بەخۆی دەدات و هیچ نادرکێنێت. دواجار و لە بەشی کۆتایی شیعرەکەدا شاعیر کەسێکی عاشقە، عاشقی ڕاستەقینەش ڕۆحی قوربانیدانی تێدا زیندووە و ڕێز لە خۆشەویستی و هەڵبژاردنی کەسێکیتر لەلایەن دڵبەرەکەیەوە دەگرێت. بەو چەشنە بەسەر هەڵچوون و ڕەشبینی و دەمارگرژی خۆیدا زاڵ دەبێت و ڕوو دەکاتە بەرانبەرەکەی و پێی دەڵێت:

بەڵام...چبکەم!

خۆشەویستیت - نەهەنگێکە،

خوێنی هەڵچووم دەخواتەوە...

خۆشەویستیت - رووبارێکە،

قینی ڕەشم دەشواتەوە! . (پەشێو،٢٠٠٦: ١٧٠)

لەدوا دیمەنی دەقە شیعری (لە دەستم دێ) و لە ئەنجامی دەرخستنی پاڵنەرە دەروونییەکانی (تورەیی و هەڵچوون، ڕەشبینی، چەپاندنی سێکسی)دا، لە پاش هەموو ئەو هەڕەشە تۆقێنەرانەدا، فیمینست بوونی شاعیر لوتکە دەگرێت. پەشێو هێور دەبێتەوە و هەست بە بارسووکی و ئارامی دەروونی دەکات، هەموو هەڕەشەکانی دەخواتەوە و زندووچاڵیان دەکات لە پێناو خۆشەویستییە بێ گەردەکەیدا، ئەو خۆشەویستییەی وەکو نەهەنگێك خوێنی تورەبوون و هەڵچوونی خواردووەتەوە، وەکو ئاوی رووبارێك رق و کینەی ڕەشی ناخەوەی پاك کردووەتەوە و ریشەی دەمارگیری قرتاندووە، پشتی لە هەموو داب و نەریت و قسە و قسەلۆکی کۆمەڵگەکەی کردووە، خوێناوی جگەری خۆی خواردووەتەوە و لە بن داری خۆشەویستی ئەو ئەوینەیدا دادەنیشێت بێ ئەوەی گوێ بداتە قسەی خەڵك و بیر و رای پیاوانی دەمارگیری کۆمەڵگە.

دەقە شیعری (لە دەستم دێ) بە دانپێنانی شاعیر لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا نووسراوە، کەچی بەرواری نووسین و تۆمارکردنی لە دیوانەکەدا (١٩٧٠/١/٢١)یە، واتە شاعیر لە سەرەتای تەمەنی بیست ساڵاندا بووە کاتێك ئەو شیعرەی نووسیوە، ئەمەش دەبێتە جێگەی سەرنج و رامان، چونکە پەشێو لە تەمەنی هەرزەکاریدا و پێش پەنجا ساڵ هێشتا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنیت، کە جیاواز بیری کردووەتەوە، ئەمیش دەیتوانی وەکو هەر گەنجێکی دڵبریندراری ئاسایی هەڕەشەکانی لە دژی یاری بێ وەفا جێبەجێ بکات، بەڵام ئەو هاتووە خۆشەویستیی بەسەر هەڵچوون و دەمارگیرییەکەی خۆیدا زاڵکردووە، رق و کینە و تورەبوونەکەی خۆی دامرکاندووەتەوە. لەبارەی ئەو رەخنانەی ئاڕاستەی ئەم دەقە شیعرییە کراوە و پیشاندانی شاعیر وەکو کەسێکی دژە ژن، پەشێو دەڵێت: "ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو شیعرە دەکەن نایەن بزانن لە کوێ و لەچ باودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا نووسراوە، ڕاستە شیعرەکە لە لەحزەیەکی تورەییدا نووسراوە، بەڵام هەر بەو مێردمنداڵییەش هەستم بەوە کردووە، ئەوشتانەم لەدەست دێت وەك هەموو کەسێکی دواکەوتووی کۆمەڵگە"(هەریری،٢٠١٧).

**ئەنجام:**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەدا گەشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-پەیوەندی لە نێوان دەروونناسی و ئەدەب، شیعریش بەتایبەتی پەیوەندییەکی تەواو تۆکمە و بەهێزە و هەردوو بابەتەکە بە چەند شێوەیەك بە یەکەوە پەیوەستن.

٢-تیۆری دەروونشیکاری، کە لەسەر دەستی فرۆید پەیدابووە و دواتر گەشەیکردووە، باس لە دەق ئەدەبی و ژیانی شاعیر و هەڵسەنگاندنی دەق دەکات لە روانگەی دەروونی و هۆکاری نووسینی بەرهەمی ئەدەبیەوە.

٣-ژیانی سۆزداریی عەبدوڵلا پەشێوی شاعیر و لە رێگەی بەڵگە شیعرییەکانی سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە ئەوە دەسەلمێنن، کە ئاوات و ئومێدێکی ڕاستەقینە و روانینێکی دوور و جێگیر و بەردەوامی هەبووە بەرەو داهاتوو، خۆشەویستی و گەیشتنە یار و پێکهێنانی ژیانی خێزانی، ئامانجێکی کاتی نەبووە، بەڵکو دوا ئامانجی شاعیر بووە.

٤-ئەم دەقە شیعرییە بۆ کەسێکی نەناسراوی تایبەت نووسراوە، کە تەنها شاعیر دەیناسێتەوە و بە هیچ شێوەیەك کەسێکیتر ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە و ببێت بە قارەمانی ئەو دەقە.

٥-لەدایکبوونی دەق شیعریی (لە دەستم دێ) پەیوەندیی بە هەڵچوونی دەروونی شاعیرەوە هەبووە و لە حاڵەتی تورەبووندا نووسراوە و تێیدا خۆی وەکو قوربانییەك پیشان داوە.

٦-لە روانگەی تیۆری دەروونشیکارییەوە ئەو ڕاستییە سەلمێنراوە، کە پاڵنەری دەروونیی (تورەیی و هەڵچوون، ڕەشبینی، چەپاندنی سێکسی) لە پشت نووسینی ئەم شیعرە و هۆکاری هۆنینەوەی بووە.

٧-ئەنجام و کۆتا کۆپلەی شیعری (لە دەستم دێ) بەڵگەیە بۆ ئەوەی شاعیر فیمینیست و ژن دۆستە و هەمیشە ژن و خۆشەویستیی بە ڕەمزێکی پیرۆز زانیوە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: کتێب:

### ا- بە کوردی:


١-ئەفلاتون، (٢٠٠٦)، کۆمار، و:سۆران عومەر حەمە، ڕێبوار قارەمانی و مەهدی حەسەن چۆمانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢-الماضي، د.شكري عزيز، (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، و:د.سەردار گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٣-پەشێو، عەبدوڵلا، (٢٠٠٦)، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە - شیعری ١٩٦٥-١٩٧٩، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٤-حوسێن، د.هیمداد، (٢٠١٤)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥-ڕەزا، ئەحمەد، (٢٠٠٨)، لە دەروونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٦-سەعدون، سامان عیزەدین، (٢٠١٥)، دەقە شیعریەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، چاپخانەی تاران، تاران.

٧-عزيز، عزالدين احمد، (٢٠١٥)، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨-قطوس، د.بەسام، (٢٠١١)، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و:د.محمد تاتانی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.


### ب- بە عەرەبی:


٩-الجسماني، عبد علي، (١٩٨٤)، المدخل الى علم النفس الحديث، مكتبه افاق عربية، بغداد.

١٠-حسين،منصور و زيدان،محمد مصطفى، (١٩٨٢)، الطفل والمراهق، مكتبه النهضة المصرية، القاهرة.

١١-هلال، د.محمد غنيمي، (١٩٧٣)، النقد الادبي الحديث. دار العودة، بيروت.


### ج- بە فارسی:


١٢-سارتر،ژان پل- كامو،البر- لوكاچ،گوركه، (١٣٧٠)، ادبيات و انديشه، گزيده و ترجمه: مصطفى رحيمى، چاپخانه كتاب زمان، تهران.


دووەم: گۆڤار:


١٣-حوسێن، محەمەد تەها، (٢٠٠٦)،ڕامانێکی سایکۆلۆژیانە بۆ ئەدەب،گۆڤاری (ڕامان)،ژمارە (١١٣).

١٤-سەعید، ئیحسان سابیر، (٢٠١١)، ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانە لە دیاردەی جیاوازی و پێچەوانەیی لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٧١).

١٥-عەزیز، شنۆ ئەحمەد، (٢٠١١)، شیکردنەوەی دەروونی بۆ هەردوو چەمکی (نەفسی) و (نامۆیی) لەلای صابری، گۆڤاری (گزنگ) ژمارە (٩٢).

١٦-قەرەداغی، ئەکرەم، (١٩٨١)، قوتابخانەی دەروون شیکردنەوە لە ڕەخنەی ئەدەبدا، گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژمارە (٦)، خولی دووەم.

١٧-گەرمیانی، د.عادل، (٢٠٠٣)، دەروونشیکاری و ئەدەبی دەروونی، گۆڤاری (ئایندە)، ژمارە (٤٣).


### سییەم: ڕۆژنامە:


١٨-کەریم، د.زاهیر لەتیف، (٢٠١١)، سایکۆلۆژیای دەق، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٥٣٨٩).

**چوارەم: ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت:**

ا- بە کوردی:


١٩-پەشێو، عەبدوڵلا، (ژياننامە) : http://www.pashew.com/kurdish/cause-full-with-both-sidebar/

٢٠-ڕووداونێت، (٢٠١٩)، کوردستان موکریانی بۆ یەکەمجار باسی خۆشەویستی خۆی و عەبدوڵلا پەشێو دەکات: www.rudaw.net/sorani/kurdistan/200920198

٢١-سوڵتانی، ڕەسوول، (٢٠١٩)، عەبدوڵلا پەشێو شاعیرێکی دژە ژن یان ڕوناکبیرێکی یەکسانیخواز؟: http://www.pashew.com/kurdish/2019/10/01

٢٢-گەلاوێژ، بنکەی ڕوناکبیری، (٢٠١٩)، عەبدوڵلا پەشێو وەڵامی کوردستان موکریانی دەداتەوە : https://galawej.com/2019/09/2019-09-23083448.html

٢٣-هەریری، محەمەد، (٢٠١٧)، دەربارەی شیعری (لە دەستم دێ)ی پەشێو و ئەو هەرایەی نایەوە: http://www.wtarikurd.info/2017/03/07

ب- بە فارسی :

٢٤-بادیاب ، عبدالخالق ، روانشناسی : http://feker.blogfa.com/post/206

٢٥-پژوهش، همیار، (١٣٩٨)، نقد روانشناختی: https://hamyaar.ir/8604/

٢٦-زوارزاده، سوشیانت، (٢٠١٥)، تعریف روانشناسی: http://mrpsychologist.com/what-is-psychology/

٢٧-صحرایی، معصومه، نظریەی شخصیت از دیدگاه فروید: https://virgool.io/@dadmag/

٢٨-مهر، محمد شایگان، (١٣٩٤)، بررسی نقد روانشناختی عبدالقهار جرجانی( با تکیه بر کتاب اسرار البلاغه ) : https://jlcr.ut.ac.ir/article_56694_d2e1b68db3196896590e6e702599f059.pdf

ج- بە ئینگلیزی :

٢٩-APA Dictionary of Psychology , psychology : https://dictionary.apa.org/psychology